**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق**
**ژمارە: ١٤٩٨ لە ٢٠٢٣/١١/١٦**

**بەیان**
**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە حوکمی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ ، بڕیارماند بە دەرکردنی ئەم بەیانە :

١- ڕاستکردنەوەی وشەی **(المیدالیة)** بۆ **(الأنواط)** لە ناونیشانی دەقی عەربی یاسای نیشان و میدالیا لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١، و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

**( قانون الأوسمه والأنواط فی اقلیم کوردستان – العراق)**

٢- جێگرتنەوەی وشەی **(النواط)** بۆ وشەی **(المیدالیة)**لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێت ، بەڕەچاوکردنی تاک و کۆی وشەکە بەپێی دەستەواژەی وشەی بەکار هاتوو .

٣- ئەم بەیانە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فوزی فرانسو حریری**
**سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

---

**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**
**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ٨٠٨ لە ٢٠٢٣/١٢/٤**

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٣**

ئاماژە بە بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی وەزارەتی ناوخۆ وە فەرمانی کارگێری ژمارە ( ٥٩٠٢) کە لە (٢٠٢٣/٥/٣١) لە پارێزگای هەولێر دەرچووە تایبەتە بە گۆرینی ناوی قەزای (دەشتی هەولێر) بۆ قەزای (بنەسڵاوە ) لەسەر ئەم بنەمایە وە لەسەر داوای سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچە هەولێر بە نووسراویان ژمارە (٧٤٠٨) لە ٢٠٢٣/٩/٢٤ بە کۆی دەنگ بڕیاردرا بە:-

- گۆرینی ناوی (دادگای بەرایی دەشتی هەولێر ) بۆ (دادگای بەرایی بنەسڵاوە ).
- ئەم بریارە لە رۆژی دەرچونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**